# گۆرانیەکانی ساکیما

## Sakima’s song

Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin
3
کوردی ckb / English en

ساکیما لەگەڵ دایك وباوك و خوشکە چوار ساڵەکەی دەژیا. ئەوان لەسەر ملکی پیاوێکی دۆڵەمەند دەژیان. خانوە بچکۆڵەکەی ئەوان بە حەسیر داپۆشراوبوو و لە کۆتایی ڕیزە دارەکاندا بوو.

• • •

Sakima lived with his parents and his four year old sister. They lived on a rich man’s land. Their grass-thatched hut was at the end of a row of trees.

کاتێك ساکیما تەمەنی سێ ساڵان بوو، نەخۆش کەوت و سۆمای چاوەکانی لە دەست دا. ساکیما کەسێکی بەهرەمەند بوو.

• • •

When Sakima was three years old, he fell sick and lost his sight. Sakima was a talented boy.

ساکیما زۆر شتی دەتوانی بکات کە کوڕەکانی تەمەن شەش ساڵە نەیاندەتوانی بیکەن. بۆ نموونە ئەو دەیتوانی لەگەڵ ئەندامانی بەتەمەنی گوندەکەیان دابنیشێت و باسی بابەتی گرنگ بکات.

• • •

Sakima did many things that other six year old boys did not do. For example, he could sit with older members of the village and discuss important matters.

دایك و باوكی ساكیما لە ماڵی پیاوێكی دۆڵەمەند كاریان دەكرد. ئەوان بەیانیان زوو دەڕۆیشتن و ئێواران درەنگ دەهاتنەوە. ساكیما لەگەڵ خوشكە بچوكەكەی بە تەنیا دەمانەوە.

• • •

The parents of Sakima worked at the rich man’s house. They left home early in the morning and returned late in the evening. Sakima was left with his little sister.

ساکیمە حەزی لە گۆرانی گوتن بوو. رۆژێك دایکی لێی پرسی: “ساکیمە، ئەو گۆرانیانە لە کوێ فێر بووی؟”

• • •

Sakima loved to sing songs. One day his mother asked him, “Where do you learn these songs from, Sakima?”

ساکیمە وەڵامی دایەوە: “هەر لەپڕ بۆم دێن، دایە. من لە مێشکی خۆم گوێم لێ دەبن و دواتر دەیانڵێمەوە.”

. . .

Sakima answered, “They just come, mother. I hear them in my head and then I sing.”

ساکیما پێی خۆش بوو گۆرانی بۆ خوشکە بچووکەکەی بڵێت بەتایبەت کاتێك کە برسی دەبوو. خوشکەکەی گوێی بۆ ئەو گۆرانییەی ڕادەگرت کە حەزی لێ بوو، ئەویش گۆرانیەکەی بۆ دەگوت. ئەو بە دەنگە هێمنکەرەوەکە خۆی رادەژاند.

...

Sakima liked to sing for his little sister, especially, if she felt hungry. His sister would listen to him singing his favourite song. She would sway to the soothing tune.

خوشکەکەی داوای لێکرد: “ساکیمە دەتوانی ئەو گۆرانیەم دووبارە و دووبارە بۆ بڵێیەوە؟” ساکیمەش بە قسەی دەکرد و گۆرانیەکەی دووبارە و دووبارە بۆ دەگوتەوە.

. . .

“Can you sing it again and again, Sakima,” his sister would beg him. Sakima would accept and sing it over and over again.

شەوێکیان کاتێ دایك و باوکی بۆ ماڵەوە گەڕانەوە، ئەوان زۆر بێدەنگ بوون. ساکیما دەیزانی کە شتێك روویداوە.

• • •

One evening when his parents returned home, they were very quiet. Sakima knew that there was something wrong.

ساکیما پرسی: "دایە،بابە، چی رویداوە؟" ساکیما تێگەیشت کە کوڕی پیاوە دۆڵەمەندەکە ون بووە. پیاوەکە زۆر نیگەران و تەنیایە.

. . .

"What is wrong, mother, father?" Sakima asked. Sakima learned that the rich man's son was missing. The man was very sad and lonely.

ساکیما بە دایك وباوکی گوت: “من دەتوانم گۆرانی بۆ بڵێم. لە وانەیە ئەو دووبارە خۆشحاڵ ببێتەوە.” بەڵام دایك وباوکی داواکەیان رەت کردەووە. ئەوان گوتیان: “ئەو زۆر دۆڵەمەندە. تۆ تەنیا کورێکی نابینای. تۆ پێت وایە گۆرانیەکەی تۆ دەتوانێ یارمەتی ئەو بدات؟”

• • •

“I can sing for him. He might be happy again,” Sakima told his parents. But his parents dismissed him. “He is very rich. You are only a blind boy. Do you think your song will help him?”

لەگەڵ ئەوەشدا ساکیما هەر کۆڵی نەدا. خوشکە بچووکەکەشی پشتگیری کرد و گوتی: “گۆرانییەکانی ساکیما ئارامم دەکەنەوە کاتێک برسی دەبم. هەروەها پیاوە دەوڵەمەندەکەش ئارام دەکەنەوە.”

. . .

However, Sakima did not give up. His little sister supported him. She said, “Sakima’s songs soothe me when I am hungry. They will soothe the rich man too.”

ڕۆژی داهاتو ساکیما داوای لە خوشکە بچکۆلەکەی کرد ببێتە چاوساغی بۆ چوونە ماڵی پیاوە دەوڵەمەندەکە.

• • •

The following day, Sakima asked his little sister to lead him to the rich man’s house.

ئەو لە ژێر پەنجەرەیەکی گەورە راوەستا و دەستی بە گوتنی ئەو گۆرانیەی کرد کە بۆ خۆی زۆری حەز لێ بوو. وردە، وردە سەری پێوە دۆڵەمەندەکە لەو پەنجەرە گەورەکە وەدەرکەوت.

• • •

He stood below one big window and began to sing his favourite song. Slowly, the head of the rich man began to show through the big window.

کرێکارەکان دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت. ئەوان گوێیان بۆ سترانە خۆشەکەی ساکیما ڕاگرت. بەڵام پیاوێک گوتی: “هیچ کەس نەیتوانیوە دڵنەوایی بەڕێوەبەر بداتەوە. ئێستا ئەم منداڵە نابینایە پێی وایە دەتوانێ دڵنەوایی ئەو بداتەوە؟”

• • •

The workers stopped what they were doing. They listened to Sakima’s beautiful song. But one man said, “Nobody has been able to console the boss. Does this blind boy think he will console him?”

ساکیما لە گۆرانی گوتن تەواو بوو و رووی وەرسووڕاند بۆ ئەوەی بڕوات. بەڵام پیاوە دۆڵەمەندەکە بەخێرایی هاتە دەرەوە و گوتی: “تکایە دووبارە گورانییەکە بڵێوە.”

• • •

Sakima finished singing his song and turned to leave. But the rich man rushed out and said, “Please sing again.”

ڕێك هەر لەو کاتەدا دوو پیاو هاتن کە یەکێکیان لە سەر تەختەبەرە پێ بوو. ئەوان کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەیان دۆزیبۆوە، کە لێیدرا بوو و لە قەراخ ڕێگا بەجێیان هێشت بوو.

. . .

At that very moment, two men came carrying someone on a stretcher. They had found the rich man’s son beaten up and left on the side of the road.

پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێ دووبارە چاوی بە کوڕەکەی کەوتەوە. ئەو پاداشتی ساکیمای کرد لەبەر ئەوەی دڵنەوایی دابۆوە. ئەو کوڕەکەی و ساکیمای بۆ نەخۆشخانە برد. ساکیما دووبارە بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە.

• • •

The rich man was so happy to see his son again. He rewarded Sakima for consoling him. He took his son and Sakima to hospital so Sakima could regain his sight.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## گۆرانیەکانی ساکیما

## Sakima’s song


Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin (ckb)


CC BY